# ئارەزوو لەپۆشینی جلو بەرگدا

## کچێك : "حەز دەکەم بەئازادی خۆم جلەکەم هەڵبژێرم و زۆر ڕێك وپێك بێت"

## مامۆستایەك : "مرۆڤ لەکاتی پۆشینی جلو بەرگ نابێت لەداب و نەریت دەرچێ "

ڕیپۆرتاژ: هونەر محەمەد

**هەر میللەتێك بە پێی دابونەریتی خۆی شێوازێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەتەکیەتی جل وبەرگ پۆشین، دیارە جل و پۆشاك یەکێکە لەو نیشانانەی کەمرۆڤی هەر نەتەوەیەکی پێ بناسرێتەوە، لەگەڵ گۆرانکاری وبەجیهانی بووندا زیاتر تێکەلاوبوونی نەتەوەکان و لەگەڵ یەکتردا زیاتر لێك نزیکبوونەوەیەك بەدی دەکرێت لەجل وبەرگەکانیان، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمڕۆی تەکنەلۆژیادا کەڕۆژانە جۆرەها مۆدێلی جل دەکەونە بازارو ڕەنگدانەوەی لەسەر زۆر لەمیللەتانی دونیادا هەیە، چونکە ئەمڕۆی سەردەمی بەجیهانی بوونە و جیهان بۆتە گوندێکی بچووك هەر جۆرە جل و بەرگێك لەهەر شوێنی دونیا بێت بەئاسانی دەگاتە بازارەکانی خۆمان، جا پۆشینی جل وبەرگیش دەگەڕیتەوە سەر خودی ئارەزووی کەسەکەو حەزی بۆ جل پۆشین، لەوبارەیەوە کۆمەڵگا وخێزان دەوری سەرەکی دەبینن لەدیاری کردنی جل پۆشین بەتایبەت بۆ کچان..! بە پێچەوانەشەوە کچان زۆر ئارەزووی مۆدێلاتی جل وبەرگ دەکەن، بۆ یە لەم ڕیپۆرتاژەدا ڕاو بۆچوونی جەند هاوڵاتیەك وەردەگرین لەسەر پۆشینی جۆری جل و بەرگدا :**



"حەزدەکەم بەئازادی خۆم جلەکانم هەڵبژێرم و زۆر ڕێکوپێك بن" ئەمە قسەی خاتوو (شیلان سابیر)ی قوتابی زانکۆ بوو، کە حەزدەکات بۆ زانکۆ جلێکی ڕێك وپێك لەبەربکات، جلێك بێت شایستە بەزانکۆ بێت، گووتی"جل و بەرگێك لەبەر ئەکەم شیاوبێت بۆناو زانکۆ، بەلاّم بەحەزی خۆشم بێت "هەروەها بۆجۆری بەکارهێنانی ئەو جل وبەرگەی بەکاردەهێنێت دەڵێت "جلەکانم لە پانتۆل وبەدیی یان تەنورەو بەدیی پێکهاتووە" بۆ بۆنەو یاد و ئاهەنگەکانیش خاتوو (شیلان) حەز بەپۆشینی جلی کوردی دەکات، ووتی: "جل وپۆشاکی کوردی بەلامەوە زۆر جوانە گەر بۆگەشت وسەیران بێت، بەلاّم هەندێ جار پانتۆلی سێ جارێك و کراسێکی سادەشم لاجوانە، حەزدەکەم هەمیشە جلەکانم ڕێك وپێك و گونجاوبن.

مامۆستا ئاکۆ: پێی وایە دەبێت مرۆڤ هەمیشە ڕەچاوی داب ونەریتی گۆمەڵگەکەی خۆی بکات لەکلتورو داب ونەریت دەرنەچێ کە دەوروبەر بۆی دیاری ئەکات، بۆیە دەڵێت"مرۆڤ لەکاتی پۆشینی جل و بەرگ نابێت لەداب ونەریت دەرچێ "مامۆستا ئاکۆ حەز دەکات بەردەوام کاتی بۆ دەوامی ئاسایی دەچێت بە کراس وپانتۆلێکی رەساسی و ڕەش لەنێو قووتابیەکانیدا دەرکەوێت، بۆیە دەڵێت "ڕۆژانە جل و بەرگی ڕەنگی ڕەساسی و ڕەش لەبەردەکەم بەڕای من بۆ کوڕان جوانە ڕەنگیکی سادە و جلەکانیش سادەبن" مامۆستا ئاکۆ جلی کوردی زۆر پێ جوانە بۆ پۆشین، بەتایبەت بۆیادەکان، ئەو دەڵێ "ئەگەر بکرێت جلی کوردی بۆ دەوامی ڕسمی بەکاربێت خراپ نیە وەك ولاّتانی عەرەبی چۆن لەزانکۆکان و خوێندنگاکان بەسەرو عەگال دەرئەکەون".

دایکی گەزەنگ کەژنی ماڵەوەیە وتەمەنی (٣٠) ساڵەو خاوەنی چوار منداڵەو سێ کچ و کوڕێکی هەیە گەر بۆی بکرێ جلی کوردی لەبەر دەکات، بەلاّم دەڵێ "جلی کوردی بۆئیش وکاری ناو ماڵ دەست نادات ڕۆژانە مەکسی لەبەر دەکەم بۆدەرەوەش قەمیس و تەنورە لەبەر ئەکەم" جل وبەرکی کوردی زۆرپێ جوانە.

سیروان سەرکەوت زیاتر حەز بەلەبەر کردنی کاوبۆو تیشێرتی بەدی و جل و پۆشاکی بیانی دەکات، هەروەها بۆ قوتابخانەش هەر ئەو جل وبەرگانە دەپۆشێت هەرچەندە گەر کێشەشی بۆ درووست بکات ئەو ئامادەنیە دەست لەجل و بەرگەکانی خۆی هەڵگرێت، بۆیە دەڵێت"من هەرشتێکم پێ جوانبێت لەبەری ئەکەم گوێ بەکەسانی تر نادەم  چونکە جل و بەرگ پۆشین کارو باری تابیەتییە پەیوەندی تەنیا بەخودی خۆمەوە هەیە"هەرجل و بەرگێکی تازە بکەوێتە بازاڕەوە سیروان دەیکرێت و لەبەری ئەکات وپابەندە بەمۆدێلی تازەو نوێ، ئەو گووتی" کابۆیەك مۆدیلی تازە بێتە ناو بازار دەیکرم گەر مۆدێلشی بەسەر چوو ناچارم فرێی بدەم و یەکێکی تر بکەمە بەرم" هەورەها گوێ بەهەڵبژاردنی ڕەنگەکان نادات، بەلاّم زیاتر حەز بەڕەنگی ڕەش و شین ونارنجی دەکات، ئەوەی گرنگە بە لای ئەوەوە هەمیشە جلەکانی مۆدیل نوێ وتازەبن.

خاتوو (جوان محمد) کە ئافرەتێکە بەئارەزووی خۆی جل و بەرگ دەکاتەبەر، بێ ئەوەی هیچ کەس ناچاری بکات کە جۆری جل و بەرگی بۆدیاری بکات، دەڵێت "من بەئارەزووی خۆم جل و بەرگەکانم دەپۆشم بەپێی سەرماو گەرما گۆڕانکاریان تێدا ئەکەم" جوان خان بەپێی وەرزەکان جل بۆ دەرەوە دەپۆشێت لە وەرزی بەهار جلی کوردی و لەهاوینان حەز بەتەنوورەو بەدی دەکات لەوەرزی زستانیش کاوبۆو فانیلە لەبەردەکات، سەبارەت بەڕەنگەکان کە زۆربەی ژن و کچانی کورد ڕەنگی ڕەش و یاخود ڕەنگە مردوەکان بەکاردێنن جوان بەپێچەوانەو بیردەکاتەوە حەز بەڕەنگی شین وپەمەی و مۆرێکی کراوە دەکات و دەڵێت" هەمیشە کۆمەڵگا ڕێگرە لەبەردەم ئارەزووی کچان بۆجل لەبەرکردن و هەڵبژاردنی ڕەنگەکان بەئارەزووی خۆیان کە دەیان کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەر دەمییان"

خاتوو (حەسیبە)ی فەرمانبەر: بەپێچەوانەی جوان خان بیردەکاتەوە بۆ لەبەر کردنی جل وبەرگەکانی ڕەچاوی دەوروبەری خۆی دەکات بەپێی ئەوەی کە کۆمەلگا بۆی دیاری دەکات، دەڵێ " جلێك دەپۆشم کە بگونجێ لەگەل خۆم و کۆمەلگایەکەم، زیاتر تەنورەی درێژ وکراس دەپۆشم"سەبارەت بەرێکپۆشین دەڵێ "کەس نیە حەز بەڕیکپۆشی جل و بەرگی نەکات بەلاّم ئێستا مۆدیلی زۆرپەیدابووە بەرامبەری ئەوەش جل وبەرگ نرخی زۆر گرانە بەتایبەتی بۆئێمەی فەرمانبەر بەو مووچە کەمە من نازانم جل وبەرگ بۆمنداڵەکانم بکڕم یان بۆ خۆم؟!"

(دڵشاد فەتاح) خاوەنی پۆشاکی دڵشاد لەبارەی جل وبەرگ و مۆدیل وای باسکرد، کە هەموو هەفتان مۆدیلی تازە دێتە بازاڕو چەند جۆرێکی جیاوازهەیە، بۆیە گووتی"مۆدێلاتی جل و بەرگ گەلێك زۆرە کەئێمە دەیهێنین بۆموشتەریەکانمان مۆدێلاتیش ڕۆژانە لەگۆڕان دایە" سەبارەت بەوانەی کەبەردەوام گرنگی بە مۆدێل و جل و بەرگیان دەدەن، دڵشاد گووتی"  کچان زیاتر ڕوو لە بازاڕەکانی جل کڕین ئەکەن هەمیشە داواکاری مۆدێلی تازەن "بۆ مۆدێلاتی ئێستای کچانە کە لەبەری ئەکەن گووتی" کاوبۆیی سێ چارێگ و بەدی تەسك وعەزیەیە کە زۆری جل وبەرگەکانیش تورکین یاخود صینین بەلاّم تورکیەکە باشتر بەڕەواج ترە" سەبارەت بەنرخەکانیش نرخی جلی کچانەی بەم شێوەیە دیاری کردکە لەنێوان (١٧٠٠٠هەزار تا ٣٠٠٠٠هەزارە)و زۆربەی کچان پێیان گرانە بەلاّم وای خستەڕووکەئەوان لەبازار گران دەکرن.

دواتر پرسیارمان ئاراستەی مامۆستا مەلا عبدالهادی مامۆستای مزگەوتی خێرخوازان لەشەقلاوە کرد سەبارەت بە ئاینی ئیسلام چۆن ڕێگای داوە بە پۆشینی جل وبەرگ بەڕێزی ئەو گووتی بە پێی شەریعەتی ئیسلام بەرگ پۆشی  سەرجەم گەل ونەتەوەکان بۆیان هەیە بەرگی خۆیان بپۆشن بەپێی دابونەریتی خۆیان یاخود بەرگی غەیری خۆشیان بپۆشن گووتی"بۆنمونە عەرەب و تورك و فارس دەتوانێ بەرگی کوردی بپۆشێت وبەپێجەوانەشەوە" بەلاّم ئەوەی بەپێویستی زانی گووتی "پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەو بەرگەی لەبەر دەکا (عەورەت)دابپۆشێت واتە لەش ولاری دەرنەکەوێت، گووتیشی"(عەورەت) بەوشوێنە دەوترێ کەبەدەرخستنیان ناشیرین وگوناهە تەنیا بەدەرخستنەکە لەهەندێ کەس بۆ هەندێ کەسی تایبەت نەبێ یا لەکاتی پێویست نەبێ "بۆجیاوازی پۆشیبنی جل وبەرگ لەنێوان پیاو ژندا دەڵێت"(عورەت)ی پیاو لە ناوك تائەژنۆ وە (عورەت)ی ژن واتا ئەوشوێنانەی قەدەغەکراوەدەرکەوێت  لەئافرەت جگە لەهەردوو دەستەکانی دەمووچاوی نەبێ هەموو لاشەی (عورەت)ە نابێت دەرکەوێت"پاشان بۆڕێکپۆشی کچان گووتی" تەنها ئەوە پێویستە بەرگەکە تەسك وتەنك نەبێ بەشێوەیەك لاش ولاری دەر نەکەوێ "بۆجیاوازی بەکارهێنانی جل و بەرگی کچان وکوڕان گووتی"نابێت وێکچواندن هەبێ لە نێوان پیاو ژندا نابێت بەرگی یەکتر بپۆشن"

